# زمان لە دیدی فەلسەفەی گریکی و فەلسەفەی لۆجیکیی شیکاریدا

داراحەمید محەمەد ، عومەرئەحمەد عەزیز
زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی

پوختەی

زمان و فەلسەفە ( Language & philosophy) دوو بابەتی گرنگ و تارادەیەکیش وابەستە و تێکچرژاون ، سەرەتا و دەستپێکی زمانەوانی و شیکاری زمانیی لە کایەیفەلسەفەدابووە ، یەکێك لە پێناسەکانی فەلسەفە شیکاری چەمکەکانە، بەو پێودانگە چەمکی زمان و شیکاری زمان یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لە مێژە فەلسەفەی سەرقاڵکردووە ، چفەلسەفەی کۆن وەك لە دیدگاکانی( ئەفلاتوون ئەرستۆ ...تاد) چ فەلسەفەی نوێ کە خۆی لە دیدگای( دیکارت ، ڤەدگەنشتاین ، کارناب ....) دەبینێتەوە . بتەوی پەیوەندی زمان بە فەلسەفەوە گەیشتۆتە ئاستێك، کە بەپێی بۆچوونی هەندێك لە فەیلەسوفەکان ( هەمووگرفتێکی فەلسەفی پەیوەستە بە گرفتێکی زمانییەوە ) . چونکە زمان باڵاترین هۆکاری گەیاندنیبیرو هزرەکانە ،هزری فەلسەفی بێت یان لۆجیکی یان مەعریفی...تاد . لەم سۆنگەیەوە ڤدگەنشتاین پێی وایە، زمانی کامڵ ئەو زمانەیە وابەستەی بیری فەلسەفی دەبێت و توانای گوزارشتکردنی تەواوی لە ڕاستییەکان هەیە، کە ئامانجی سەرەکی گەیاندنی بیری گەڵاڵەبووە لای ئاخێوەرە بە گوێگر. ئەوەی جێی سەرنجە لە زمانناسی کوردیدا زۆر بە کەمی لەم لایەنەی زمان کۆڵراوەتەوە. ئەمەش گرنگی بابەتی ئەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو، کە تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوانزمان و فەلسەفە . تێیدا پێگەی زمان و ڕاڤەی زمان لە فەلسەفەی کۆن و نوێدا خراوەتەبەرباس و لیکۆڵینەوە و بەراوردکراون، بۆ ئەو مەبەستەش لە فەلسەفەی کۆن بۆچوونەکانی (ئەفلاتوون ، ئەرستۆ ) و لە فەلسەفەی لۆجیکیش بۆچوونەکانی هەریەك لە (کاسیر ، راسل ،کارناب ، ڤدگنشتاین ) وەرگیراون .

زاراوە کلیلی: بابەتی لێکدراو، بابەت، گەردیلە، بنەڕەتیی، شت/ڕاستیی.

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی:( زمان لە فەلسەفەی گریکی و فەلسەفەی لۆجیکیی شیکاریدا- توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە)، توێژینەوەکە لە دو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ماهییەتی زمانەوە خراوەتەڕوو ، لەتەوەری دووەمدا و لە ژێر تیشکی فەلسەفەی کۆندا لای هەر دو فەیلەسوفی گریکی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) وەستاوین و بۆچونەکانیانمان لەبارەی زمانەوە خستووەتەڕو و شرۆڤەمان کردوون، پاشان دیدگای فەیلەسوفانی سەدەی 19-20 مان لەبارەی زمانەوە خستووەتەڕو، ڕێبازیی توێژینەوەکە پەسنیی/ بەراوردکارییە، سنوری کارەکەمان لەنێوان فەلسەفەی کۆن/ گریکی و فەلسەفەی نوێ/لۆجیکیدایە، بە ئامانجی ڕونبونەوەی دیدگای فەلسەفەی کۆن و نوێ لەبارەی زمانەوە، گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدایە ئاشنامان دەکات بە زمان بەدەر لە تیۆرە زمانەوانییەکان، بەڵکو بۆچونی فەیلەسوفەکانمان لەبارەی زمانەوە بۆ ڕوندەکاتەوە، کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا توێژینەوەیەکی هاوشێوەمان نەبینیوە، تا ڕادەیەکی زۆر کارێکی لەم شێوەیە پرۆژەیەکی هاوبەشی هەردو بەشی زمان و فەلسەفەیە، لە کۆتایی توێژینەوەکە بەراوردی هەر دو فەلسەفەی کۆن و نوێمان کردووە لەبارەی زمانەوە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەتەڕوو لەگەڵ گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوین.

1--1 ڕوانگەی فەلسەفیی بۆ زمان:

پرسیار لە بارەی چییەتی و ماهییەتی زمان ڕەنگە کۆنترین پرسیار بێت، لەبارەی زمانەوە، بیر و هزری فەیلەسوفەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبێت، بەڵام سروشتی زمان و فرە ڕەهەندی زمان وەک دیاریدەیەکی مرۆیی وایکردووە هەرگیز هیچ وەڵامێک نەتوانێت پەرگیرانە وەڵامێکی ڕاست و دروستی زانستییانەی گشتگیر بێت، بەڵکو سروشتی زمان وایکردووە هەمو پێناسە و تێڕوانینەکان ڕێژەیی بن و تەنها گوزارشت بکەن لەو دیدگا فەلسەفییەی، کە لێیەوە لە زمانیان ڕوانیووە. ئەگەر بمانەوێت ئاوڕێک لە مێژوی زمان و فەلسەفە

بدەینەوە، ئەوا دەتوانیین ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان سەردەمی کۆن و نوێدا بدۆزینەوە، هەر بۆیە دەتوانیین قۆناغی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی لە بارەی زمانەوە بکەین بە دوقۆناغی سەرەکی :

1- قۆناغی فەلسەفەی کۆن، کە زیاتر فەلسەفی گریکیی و ئیسلامیی و سەدەکانی ناوەڕاستی وەکو (دیکارت) دەگرێتەوە.

2- قۆناغی فەلسەفەی نوێ، فەلسەفەی جێرمانی وەکو (هیگڵ) بریتانیش پۆزەتیڤیستییەکانی وەکو (راسل و ڤدگنشتاین) دەگرێتەوە.

قۆناغی یەکەم لە ئەفلاتونەوە دەست پێدەکات تا ئەرستۆ، پاشان قەشە ئۆگستینوس و پاشان سەدەکانی ناوەڕاست لە دیکارتەوە دەست پێدەکات، تا جۆن لۆک، لایبنتیز، رۆسۆ، هامبۆڵت. ((گرنگترین ئەو پرسیارانەش، کە لەم قۆناغانەدا هەبوون، لەسەرزمان بریتیی بون لە : بنەڕەتی زمان، پەیوەندی زمان بە بیرەوە، پەیوەندی زمان بە واقعەوە، جیاوازیی و هاوبەشی نێوان زمانی مرۆڤ و ئاژەڵ.))(زواوی بغوره،200)، بەڵام فەلسەفەی زمان لە قۆناغی نوێدا لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە دەست پێدەکات، دەکرێت دابەش بکرێتە سەر سێ قۆناغی سەرەکی: ((1-ئەو فەیلەسوفانەی، کە پشتیان بە فیلۆلۆژیا و تەفسیری ئاینیی و دیاردەناسیی/فینۆمینۆلۆژیا دەبەست، لە تێڕوانینیان بۆ زمان، کە فەیلەسوفە ئەڵمانییەکان دەگرێتەوە2.-فەیلەسوفە گەنجەکان(ئەنگلۆسەکسۆنییەکان)، ئەمانەش ئەو فەیلەسوفانە دەگرێتەوە کە خەڵکی ئینگلتەرا بوون و پشتیان بە لێکۆڵینەوەی لۆژیکیی نوێ دەبەست بۆ شیکردنەوەی زمان.3-قۆناغی سەرهەڵدانی زمانەوانی، کە لە سوسێرەو دەستپێدەکات، پاشان بونیادگەری ئەمریکیی وئەرکی و پاشانیش، (چۆمسکی) دەگرێتەوە.))(زواوی بغوره،201)،هەرچەندە قۆناغی سێیەم پاشخانی فەلسەفی هەیە، بەڵام وەکو قوتابخانەیەکی زمانەوانی سەیر دەکرێن، نەک فەلسەفی! لە زمانی لاتینیدا وشەی Lingua-بە واتای کۆمەڵە دەنگێک هاتووە، کە واتادار بێت، ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بووەبە -Language- واتە هەر بە هەمان واتاوە هاتووەتە نێو زمانی ئینگلیزیشەوە .لە ڕاستیدا ئەم وشەیە لە زمانی لاتینیدا تاڕادەیەکی زۆر وشەیەکی ڕاست و دروستە، چونکە زمان دەنگە و واتاداریشە، هەر کۆمەڵە دەنگێک واتا دروست نەکات، نابێتە زمان. (ئیبن جنی) لەبارەی زمانەوە دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە دەنگێکە، هەر کۆمەڵێک بەکاری دەهێنێت، بۆ گوزارشت لە پێداویستییەکان.)) (محمد داود،43) بە وردبونەوەمان لەم پێناسەیە تێدەگەین، کە دو لایەنی گرنگی زمان لەم پێناسەیەدا تیشکی خراوەتە سەر ئەوانیش بریتیین لە :

1- لایەنی دەنگیی زمان، وەک دەزانیین زمان دەنگە و تا نەبێتە دەنگ مامەڵەی زمانی لەگەڵدا ناکرێت و نابێتە خاوەنی فۆڕمی فۆنەتیکی و نابیسترێت .

2- لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان، گومانی تێدا نییە زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە و بۆ دەربڕین و گوزارشت کردن لە پێداویستییەکان بەکاردەهێنرێت.

(روی .س.هێگمان) دەڵێت : (( زمان توانایەکی زیهنیی بەدەستهێنراوە، ڕێکخراوە و لە کۆمەڵێک هێمای لە خۆوە پێکدێت. تاکەکانی کۆمەڵ بۆ پەیوەندی بەکاری دەهێنن.))

بە پێچەوانەی پێناسەکەی (ئیبن جونەی) یەوە (هیجمان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان تەنها کۆمەڵێک دەنگ نییە، بەڵکو توانایەکی زەینییە ، پێش ئەوەی دەربڕدراوێک بێت. وەکو پیشتریش وتمان تێڕوانیین لە مەڕزمان بەپێی قوتابخانە فەلسەفیەکان دەگۆڕێت، پێناسەی فەیلەسوفێکی هۆشەکی بە تەواوی جیاوازە لە فەیەسوفە لۆجیکییەکان.بۆ نمونە فەیلەسوفێکی وەکو (کارناب) پێی وایە پێویستە هەمو دەربڕاوێکی میتافیزکی دور بخرێتەوە ، هەروەها بونیادگەری وەک زانستێکی پەتی دەڕوانێتە زمان، لەبەرانبەردا ئەوانەی سەر بەقوتابخانەی هۆشەکین بەتەواوی زمان وەک دیاریدەیەکی هۆشەکیی دەبینن، کە لەمێشکدایە و وێنەیەکی نمونەیی زمان وەک زانیارییەکی پێشینەیی لە مێشکی هەمو مرۆڤێکدایە، بۆ نمونە (سوسێر) لە بارەی زمانەوە دەڵێت: (( زمان پێڕەوێکی هێماییە، کە گوزارشت لە بیردەکات.)) (سوسێر) لەم پێناسەیەدا جەختی لەسەر دولایەنی زمان کردووەتەوە ، کە ئەوانیش بریتین:

1- زمان وەک پێڕەوێک دەبینێت، زمان هەر لەخۆوە کارناکات بەڵکو زمان سیستمە و بەپێی پێڕەوێکی ناوخۆیی کاردەکات.

2- زمان ئامرازی دەربڕینی بیرە، بەبێ زمان ناتوانین بیرەکانمان بگەیەنین.

( زەکی نەجیب) وەک توێژەرێکی بواری فەلسەفە لە بارەی زمانەوە دەڵێت: (( زمان تەنها ئامرازی گزارشتکردن و پێوەندی نییە، بەڵکو زمان بارگەیەکی فیکریی و ڕۆشنبیرییە.)) ( خالد الزواوي ،14). (زەکی نەجیب) زمان وەک دەسوێژێک دەبینێت بۆ دەربڕینی بابەتە فکرییەکان، لە ڕاستیدا جگە لە فکر و فەلسەفە زمان ئامرازی دەربڕینی سەرجەمی زانستەکانە، جگە لە زانستە پەتییەکان نەبێت ئەویش تەنها لایەنی هێلکاریی و نەخشە و ڕەمزە جیاجیاکانی بوارە جیاوازەکانی زانستە پەتییەکان دەگرێتەوە،زیاتریش هێمان ، بۆیە فکر و رۆشنبیری بەبێ زمان بونیان نییە، بگرە فکر و فەلسەفە لەنێو زماندا فۆڕم و ناوەڕۆک وەردەگرن، کەسێکی وەک ( نیچە ) پێی وایە، کە

فەلسەفە هیچ نییە جگە لە زمان، واتە بەپێی بۆچونی (نیچە) فەلسەفە بەبێ زمان بونی نابێت، بگرە لە بنەڕتدا خودی فەلسەفە بریتییە لە زمان، ئەم بیرۆکەیەشی بەو شێوەیە ڕوندەکاتەوە، کە فەلسەفە هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێک خوازە و دەربڕدراوی زمانیی و بەواتاییکردن -تجریدات- ، فەلسەفە و شیکردنەوە فەلسەفییەکان کۆمەڵە دەربڕینێکی نابەرجەستەن و کۆمەڵە خوازەیەکی مردون، واتە فەلسەفە لە ناوەوەی زماندایە، هەروەها ئەم کارەش بە وشەکان و (ناو) ەکان دەکرێت .هەندێکی تر زمان بە دیاریدەیەکی هۆشەکی /ناوەکی، کە لەمێشکی مرۆڤدایە دەبینن، بۆ نمونە (کیسلر)، لەم بارەیەوە دەڵێت: (( بیرکردنەوە تەنها هەندێک جوڵەی نابەرجەستە نییە، کە لەمێشکدا ڕوبدات، بەڵکو بە مانایەکی تر بیرکردنەوە، کوتومت برتییە لە قسەکردنێکی ناوەکیی بێدەنگ.))(خالد الزواوی،16). بە پێی ئەم بۆچونە بێت ئێمە، کە بیردەکەینەوە لەگەڵ خۆماندا قسەدەکەین! واتە مۆنۆلۆگێکی ناوەکییە، کاتێکیش قسە دەکەین زمانە ناوەکییەکە بەکاردەهێنیین، واتە هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە، چونکە ئێمە کە بیریش دەکەینەوە هەر بە زمان بیردەکەینەوە، ناتوانیین بە بێ زمان بیربکەینەوە ، چونکە زمان بووەتە وێنەی شتەکان و دیاریدەکان. زۆربەی فەیلەسوفەکان لەو ڕووەوە لە زمان دەڕوانن، کە زمان ئامرازی شیکردنەوەی فەلسەفە و دەربڕینە فەلسەفییەکانە، بەڵام هەندێکیشیان پێیان وایە، کە ئامانجی فەلسەفەش هەر خودی زمانە، چونکە هەر بیرۆکەیەک لە بارەی بون و دیاریدەکان و شیکردنەوەی ڕاستییەکان...تاد تەنها لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێن، بەڵام دەکرێت لە ڕەوتی فەلسەفە لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم دو جۆر تێڕوانیین بۆ زمان هەست پێ بکەین، ئەوانیش برتیین لە دو ڕەوتی جیاواز:

1- ئاراستەی یەکەم پێی وایە، زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی بون و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان گرنگترین ئەو فەیلەسوفانەی کە سەربەم ئاراستەی بیرکردنەوەیەن برتیین لە: ( نیچە،دریدا، کارناب،ڤدگنشتاین).

2- ئاراستەی دووەم پێی وایە خودی فەلسەفە برتییە لەکۆمەڵێک –تجریدات- واتە فەلەسەفە تەنها زمانە و لەدەرەوەی زماندا بونی نییە، هەروەها ئیشی یەکەمی فەلسەفەش ئیشکردنە لەسەرزمان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نمونەیی بە مەبەستی هێنانەکایەی زمانێک، کە بەتەواوی وێنەی بون بێت، ئەو فەیلەسوفانەی سەر بەم ئاراستەیەن لە بیرکردنەوە برتیین لە: ( هایدیگر،پۆڵ ڕیکۆر، ئارنست کاسیر). تەنانەت هەندێک فەیلەسوف و بیرمەندی بواری دیاریدەناسی -فینۆمینۆلۆژیا- پێیان وایە، کە زمان گرنگترین دیاریدەی مرۆییە، لەم ڕووەوە (ئیدوارد هۆڵ) لە کتێبی (زمانی بێدەنگ-Silent Language- ) سەرجەمی دیاریدە مرۆییەکان دابەش دەکاتە سەر(10) دیاریدە و پێی وایە هەمو ئەمانە وەک تورێک بەیەکەوە بەستراون ئەوەشی هەمو ئەم دیاریدانە بەیەکەوە دەبەستێت زمانە، (هۆڵ) لە ڕوی گرنگییەوە زمان لەسەروی هەمو دیاریدەکان دادەنات.(بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشو،18-19).

یەکێک لەو پرسیارە فەلسەفییانەی لە بارەی زمانەوە هەبووە لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا ئەوە بووە، چۆن زمان تەنها تایبەتە بە مرۆڤ لە نێو هەمو گیانلەبەرەکاندا، ئاژەڵەکانی تر پێڕەوێکیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن لە نێوان خۆیاندا بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زمانی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تردا هەیە، زمانی مرۆڤ لە قۆناغی ڕەمزبەکارهێناندایە و لەچەند فۆنیمێک سەدان و هەزاران وشە و ژمارەیەکی بێ سنور ڕستە بەرهەم دەهێنێت، باس لە ڕابوردو و داهاتو دەکات تەنانەت ڕستەی دانانی و حەز و ئارەز و ...تاد دەردەبڕێت. کەواتە زمان دیاریدەیەکی تایبەتە بە مرۆڤ، هیچ بونەوەرێکی تر ناتوانێت زمان بەو مانایە بەکاربهێنێت، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بەپێی بۆ چونی دەروونناسەکان و زمانەوانەکانی باری زمانەوانی دەرونی منداڵ لە سەرەتای لەدایک بونییەوە بەچەند قۆناغێک زمان بەدەست دەهێنێت کە ئەو قۆناغانەش بریتیین لە :

1- پێنج مانگ: لەم قۆناغەی تەمەندا منداڵ بە ئاماژەی دەست و چەند دەنگێک گوزارشت لە پێداویستییەکانی خۆی دەکات.

2- هەژدە مانگ: لەم قۆناغەدا منداڵ لانی کەم 30-50 وشە دەردەبڕێت ، بەڵام هەندێک لە وشەکان بەکەموکورتی و هەندێکیشیان بە تەواوی گۆدەکات، هەروەها لەم قۆناغەدا منداڵ بەئاسانی ناتوانێت ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنێت.

3- دوساڵ: لەم قۆناغەدا منداڵ زیاتر لە (50) وشە بەرهەم دەهێنێت و ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەو ڕستانەی دەری دەبڕێت زیاتر ئەو ڕستانەن، کە لە دو وشە پێکهاتون.

4- سێ ساڵ: ژمارەی ئەو وشانەی کە منداڵ لەم قۆناغەدا دەیزانێت، نزیکەی هەزار وشەن هەڵەی ڕێزمانی لەم قۆناغەدا زۆر کەم دەبێتەوە .(بڕوانە:سیلفان اورو،53-54)

پرسیاری سەرەکی فەیلەسوفەکان لە بارەی زمانەوە بە درێژایی مێژوو بریتیبووە لە ئەوەی، کە ئایا زمان چی پەیوەندییەکی بە دیاردەناسییەوە هەیە، یان پەیوەندی نێوان زمان و بون بونناسیی -ئۆنتۆلۆژیا- لەچی ئاستێکدایە و پەیوەندییەکە چۆنە؟ ئەو ڕایەڵەی، کە بیری فەلسەفی لەبارەی زمانەوە لە (ئەفلاتون،ئەرستۆ،دیکارت، جۆنلۆک،) و دواتریش فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەمی وەک( ڕاسڵ ،هایدیگەر،سارتەر) دەبەستێتەوە ڕایەڵەیەکی پتەوە، بەڵام هیچ سەردەمێک وەکو سەدەی بیستەم پرسیارە فەلسەفییەکان لەبارەی

زمانەوە نەوروژێنرا، هەر بۆیە بەم فەیلەسوفانە دەوترێت فەیلەسوفی بواری زمان. وەک پرسیار لەبارەی چییەتی- ماهییەت- زمان و پەیوەندی نێوان وشە و شت، پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئایا چۆن زمان (وشە) شت دەردەبڕێت؟ وشەی گشتی و وشەی تایبەتی چین؟ لەبارەی ئەو پرسیارەی، کە ئایا زمان وێنەی بونە دو بۆچونی جیا هەیە، کە دژبەیەکن: (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) دو بۆچونی جیایان لەم بارەیەوە هەیە، ئەفلاتون پێی وایە، کە پەیوەندییەکی جەوهەری لە نێوان ناو و ناولێنراو(دال و مەدلول) دا هەیە. لە بەرانبەردا (ئەرستۆ) پێی وایە، کە هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ناو و ناولێنراودا نییە، ئەم دو بۆچونە تا ماوەیەکی زۆر باوبون، ئەوانەی ئەفلاتونیین لەگەڵ بۆچونەکەیدان و ئەوانەشی لەژێر کاریگەری بۆچونی ئەرستۆدان بەهەمانشێوەن. بۆ نمونە هەردو لایەنگرانی فەلسەفەی (ڕیالیزم و ناویزم- Nominalism-) درێژەپێدەری ئەو دو بۆچونە بون، ڕیالیزمەکان لەژێر کاریگەری ئەفلاتوندا پێیان وابو وشەکان پەیوەندییەکی ناوەرۆکییانەیان بە شتەکانەوە هەیە، هەروەها پێیان وابو، کە وشەکان تەنها هێمایەک یان کەرەستەیەکی زمانی نین، بەڵکو وێنەی لۆژیکی شتەکانن، بە پێچەوانەی ئەمانەوە (ناوییەکان) پێیان وابو وشەکان تەنها ناون بۆ شتەکان هیچ بونێکی ڕاستییان نییە، بەڵکو تەنها ناون بۆ شتەکان نەک وێنەی ڕاستی شتەکان بن. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیکرد، پەیوەندی نێوان بون و زمان بابەتێکی گرنگ بووە لە بیری فەلسەفەی زماندا، بەڵام سەرەتا پێویستە بزانیین (بون) چییە؟ هایدیگەر لەبارەی پێناسەی بونەوە دەڵێت: (( بون دەکرێت دابەش بکرێت بۆ دو جۆر ئەوانیش بریتیین لە :

1- بونی دەرەکی

2- بونی ناوەکی.

بونی دەرەکی بەواتای شتە مادییەکان دێت، دووەمیشیان بە واتای بونی شتەکان لە عەقەڵدا دێت، واتە بونی لۆژیکی، یان بونی هزریی.))( ابراهیم احمد،24). بەپێی ئەم بۆچونە بێت( بون ) لە دەرەوەی زمان نییە، ئەگەر بە پێی بۆچونی ماتریالەکان بێت بوون سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤە، بیرکردنەوە و شتەکانی دەوروبەریشمان هەر لەنێو زماندان، واتە زمان وەک دەفرێک وایە، کە بونی تێدایە. بۆ زیاتر ڕونبونەوەی بیرۆکەی هەندێک لە فەیلەسوفەکان بەکورتی بیری هەندێکیان لە بارەی زمانەوە دەخەینەڕو، هەرچەندە کاری سەرەکی ئەوان وەک زمانەوان بە پلەی یەکەم زمان نییە، بەڵام بۆچونیان لەبارەی زمانەوە هەیە بەو پێیەی زمان پەیوەندی بە بون و دیاردەناسی و ...تاد هەیە، کە بابەتی سەرەکی فەلسەفەن.

بەشی یەکەم زمان لە ڕوانگەی فەلسەفەی کۆنەوە:

2-1ئەفلاتون و زمان:

زمان لەکۆنەوە جێی سەرنجی فەیلەسوفەکان بووە، بەو پێیەی گریک لە فەلسەفەدا پێش دونیا کەوتوون، بۆیە ئێمە بیروبۆچون و گرنگترین هێڵی گشتیی بۆچونی فەیەلسوفەکانی یۆنان لەبارەی زمانەوە دەخەینەڕو. گرنگترین ئەو بابەتانەی لەبارەی زمانەوە ئەفلاتون لەسەریان وەستاوە بریتیین لە:

1- پەیوەندی زمان بە واقعەوە.

2- ڕاستیی وناڕاستیی لە زماندا.

3- بەشەکانی ئاخاوتن.

4- پەیوەندی نێوان وشە و شت

5- پرۆسەی ناونان

6- گریمانەی پەیدابونی زمان

7- ئەرکی زمان...تاد

بۆچونی ئەفلاتون لەبارەی زمانەوە زیاتر لە کتێبی (گفتوگۆی کراتیلیۆس) دا ڕوندەبێتەوە. ئەفلاتون لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە کۆمەڵێک بۆچون لەمەڕ زمان دەخاتەڕو، ئەم گفتوگۆیە لەنێوان چەند کەسێکدایە، کەسایەتی سەرەکی ئەم گفتوگۆیە بریتییە لە (سوکرات) ،کە لەنێوان ساڵانی (470-399) ژیاوە. هەروەها (هیرمۆجینس و کراتیلیۆس) یش دوکەسایەتی سەرەکی ئەم گفتوگۆیەن.(( هیرمۆجینس، قوتابیی سوکرات بووە، بەڵام کەسایەتی کراتیلیۆس، تا ئێستا نەبیستراوە و شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەبیستراوە.))( ئەفلاتون،32)، وەکو وتمان بۆچونی ئەفلاتون لەم گفتوگۆیەدا ڕوندەبێتەوە ئەفلاتون لە زمانی کاراکتەرەکانی ناو گفتوگۆکەیدا ویستویەتی بۆچونەکانی لەمەڕ زمان بخاتەڕو و کۆمەڵێک بابەتی گرنگی تێدا وروژێنراوە وەک: بابەتی بنچینەی زمان و ناوەکان و پەیوەندییان بەشتەکانەوە، زمان بابەتی سەرەکی نەبووە بەلای ئەفلاتونەوە، بەڵکو لەچوارچێوەی فەلسەفەکەیدا لە زمانی ڕوانیوە و ویستویەتی لە ڕێگەی زمانەوە بگاتە ڕاستیی لەبارەی بونەوە. پەیوەندی (زمان و واقع )یەکێکە لەو بابەتانەی لە گفتوگۆی کراتیلیوس دا هاتووە، بەکورتی ئەفلاتون پێی وایە، کە

پەیوەندییەکی سروشتیی و لۆژیکیی لە نێوان وشەکان و شتەکاندا هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی فیکریی ئەفلاتون، کە بە بڕوای بە جیهانی باڵا هەبووە، بەم پێیەش زمان و واقع لەجیهانی باڵادا نمونەی باڵایان هەیە. زمانیش ڕاستەوخۆ وێنەی بونە. لە ڕاستیدا ئەم بۆچونە لەهەندێک ڕووەوە بێ مانایە، چونکە (فردیناند دی سوسێر) پێی وایە پەیوەندی هێما و شت پەیوەندییەکی لەخۆوەییە-انطباعییە- لەڕاستیدا دەنگەکان شت نانوێنن، وشەکان وێنەی واقع بون نین، بەڵکو پەیوەندییەکە لە ڕوی لۆژیکییەوە پەیوەندییەکی لەخۆوەییە، بەڵام تائێرە کۆتایی نایەت، بەڵکو ڕێککەوتنی کۆمەڵیان لەسەرە.ئەم بۆچونەی ئەفلاتون و تەنانەت (ڕاسڵ و ڤدگنشتاین) لەهەندێک ڕووەوە بێ مانایە و ئاستەنگی زۆری دێتە پێش، چونکە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین زمان وێنەی ڕاستیی بونە ئەوا پێویستە پەیوەندییەکی بەرانبەرەکی لەنێوان وشە و شت دا هەبێت، بۆیە ڕاستتر ئەوەیە بڵێین، کە زمان وێنی واقع نییە بەڵکو واقع لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت.(( زمان خۆی لەخۆیدا پرۆسەی نابەرجەستەکردنە-تجریدات- وشەکان بەسەر شتەکاندا دائەبڕێن و بۆیە زمان دەچێتە چوارچێوەی گشتاندنەوە، نەک چوارچێوەی تایبەتیی، هەر بۆیە کارێکی نەگونجاوە ئەگەر بمانەوێت ناو لە هەمو شتەکانی دەوروبەرمان بە وشەیەکی دیاریکراو بنێین.)) (الزواوي بغوره،221). بۆیە ئەگەرزمان توانای گشتاندن و پۆلێنکردنی نەبوایە گرفتی زۆر بۆ زمانی مرۆڤ دروست دەبو، دیاردە واتاییەکان و لەنێویشیاندا (فرەواتایی) ئەرکێکی زۆری لەسەر زمان کەم کردوەتەوە، هەروەها وشە گشتییەکانی وەک (باڵندە،ئاژەڵ، کوتاڵ ،میوە..تاد) وشەی گشتیین و ناگەڕێنەوە بۆ شتێکی دیاریکراو لە واقعدا کە دەڵێین میوە، نازانیین مەبەستمان کام میوەیە، ئەمە جگە لە خوازە و وشە نابەرجەستەکان، کە ناگەڕێنەوە بۆ شتێکی دیاریکراو لە واقعدا . لەبارەی بنچینەی زمان وپەیدابونی زمانەوە لە گفتوگۆی کراتیلیوس ئەفلاتون پێی وایە پەیدابونی زمان لە دوگریمانە تێپەڕ ناکات، کە ئەوانیش بریتیین لە :

1- گریمانەی خودایی

2- گریمانەی مرۆیی.

1- گریمانەی خودایی: بەپێی بۆچونی ئەم گریمانەیە بێت، بۆ یەکەم جار خودا ناوی لەشتەکان ناوە، ئەفلاتون پێی وایە ئەو خودایەی کە ناوی لە شتەکان ناوە خاوەن مەعریفەیەکی زۆربەرز بووە و بۆیە شتەکانی زۆر بەباشی زانیوە و خاون مەعریەیەکی زۆربووە لەبەرانبەر بەشتەکان بۆیە کاتێک ناوی لە شتەکان ناوە، بەشێوەیەک بووە لەگەڵ جەوهەر و چییەتی-ماهییەتی- شتەکاندا گونجاوبووە.

2- گریمانەی مرۆیی: ئەم گریمانەیە پێی وایە کە مرۆڤێک، یان چەند مرۆڤێک خاوەن مەعریفەیەکی بەرز بوون و شتەکانیان بەباشی ناسیوە وناویان لێیان ناوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ئەفلاتون پێی وایە ئەو مرۆڤانە دەبێت پیاو بوبن، چونکە پیاو خاوەن مەعریفەیەکی بەرزترە لە ئافرەت، هەربۆیە ئەو ناوەی پیاو دەینێت لەشتەکان لۆژیکیی ترە لە هی ئافرەت. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (محاورە الكرياتيليوس،1995)

2-2ئەفلاتون و پرۆسەی ناونان:

ئەفلاتون پێی وایە، کە ناوەکان بەشێکن لە قسە /وتن، هەروەها قسەکردنیش بەشێکە لە کردار-فعل- لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی ناونان جۆرێکە لە کار، کرداریش بەشێکە لە بون، هەر بۆیە (زمان، کردار،شت) بەشێکن لە (هەبو) ئەمەش خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، هەریەکەیان سروشتێکی جێگیریان هەیە و ماهییەتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەرکی زمان بەلای ئەفلاتونەوە وەکو هەمو ئامێرەکانی تر وایە، کە بریتییە لە (پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەربڕینی سۆز و بیر).ئەفلاتون لە زمانی کارەکتەرەکانی نێو گفتوگۆکەیدا لەم بارەیەم دەڵێت:

(( سوکرات: ئەی (هیرمۆجین) پێم وایە ناونانی شتەکان کردەیەکی بێ مانایە، وەک بیری لێدەکرێتەوە، هەروەها ئیشی کۆمەڵەکەسێک، یان ڕێککەوتنی خەڵک نییە، بۆیە (کراتیلیۆس) لەسەر حەق بووە، کە وتویەتی شتەکان، ناوەکانیان وەک سروشتیی خۆیانە، هەروەها دەتوانرێت گوزارشت لە شتەکان بکرێت لە ڕێگەی بڕگەکانەوە(مەبەست لەبڕگە وشەیە لێرەدا). )) (ئەفلاتون،105)، هەر لەم بارەیەوە لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (( ناوەکان بەشێکن لە ڕاستیی سروشتیی، هەمو مرۆڤێک بەشێوەیەکی دروست ناتوانێت ناو لە شتەکان بنێت.)) (ئەفلاتون،106)،بۆ ئەوەی بزانیین، کە چۆن ناو لە شتەکانی دەوروبەرمان دەنرێت، یان ئەو شتە چییە، کە ڕەوایەتی دەدات بە ئەوەی ناوێک ببێتە ناو بۆ شتێک، ئەفلاتون پێی وایە، کە پرۆسەی ناون بەهەمان شێوەی ئامێر وایە، وەک چۆن ئامێری (مەکۆک) ئامێری چنیینە، ناویش ئامێری دانی زانیارییە لە بارەی ناولێنراو، کاتێک ئامێرێکی چنیین دروست دەکرێت، لاسایی ئامێرە ڕەسەنەکە دەکرێتەوە، کە لەجیهانی باڵادا هەیە، بەهەمان شێوەش بۆئەوەی ناونان پرۆسەیەکی سەرکەوتوبێت، پێویستە لاسایی جیهانی باڵا بێت. بەکورتی تیوریی ئەفلاتون لەبارەی زمانەوە، تیورێکی سروشتییە، دەکرێت ناو بنرێت بە: (تیوریی پەیوەندیی سروشتیی) واتە پەیوەندییەکی سروشتیی هەیە لە نێوان (ناو و ناولێنراو) دا. ئەگەر ناوەکان لاسایی ناوەکانی جیهانی باڵا نەبن پرۆسەی ناونانەکە ناڕاست دەبێت، چونکە وێنەی ڕاستیی

شتەکان لە جیهانی باڵادان، هەر بۆیە ناوەکان وێنەی پیتی /زمانیی شتەکانن. ئەم تیورە کەموکورتیی زۆرە، پێش هەمو کەسێک خودی ئەفلاتون دانی پێداناوە. ئەگەر پەیوەندی سروشتیی لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەبێت، بۆچی زمانەکان لەیەک ناچن، چونکە ژمارەی ئەو دەنگانەی لەسروشتدا هەن و زمانەکان بەکاریان دەهێنن دیاریکراون، ئەوەی تا ئێستا زانراوە، کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانەکان لەنێوان 70-80 فۆنیمدایە و زمانەکان وەریان دەگرن بۆ دەربڕین و گوزارشت کردن لە شتەکان، بەڵام ئەوەی زمانەکان لەیەکتر جیاواز دەکات بریتییە لە جیاوازیی ڕیزبەندی فۆنیمەکان لەیەکتر، واتە ڕیزبەندی فۆنیمەکانی وشەیەک لە زمانێکدا مانای هەیە، بەڵام لە زمانێکی تردا هیچ مانایەکی نییە. یەکێکی تر لەکەموکوڕییەکانی ئەم تیورە ئەوەیە، کە نایەتەوە لەگەڵ دیاردەی گەشە و گۆڕان لە زماندا، چونکە زمان بەدرێژایی مێژو لەژێر جەبری گۆڕاندا بووە، ئەگەرزمان بگۆڕێت و زمانی کۆن لە ئێستا جیاوازبێت، چۆن دەبێت هەردو زمانی کۆن و نوێ لۆژیکیی بن، خودی ئەفلاتون بڕوای بە گۆڕان هەیە لە زماندا و لەم ڕووەوە پێی وایەگۆڕان لە زماندا لەخۆوە نییە و کۆمەڵێک هۆکاری لەپشتە لەوهۆکارانەش :

1- تێپەڕبونی کات-مێژو-
2- حەز وئارەزو
3- ئاسانکردن
4- جوانکاریی.

هەروەها ئەفلاتون پێی وایە گۆڕان بەچەند شێوەیەک دەبێت وەک:

1- زیادکردنی پیتێک، یان چەند پیتێک.
2- قرتاندن ولابردنی پیتێک، یان چەند پیتێک.

لەم ڕووەوە ئەفلاتون نمونەی وشەی (ئەسینا) دەهێنێتەوە، کە پێی وایە ئەم وشەیە لە زمانی کۆنی یۆنانیدا بەشێوەی (ئەسیونوی) بووە، بەڵام بە مەبەستی جوانکاریی گۆڕاوە بۆ ئەم بارەی ئێستای. (بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە(محاورە کراتیلیوس،63) ، لەگەڵ ئەوەشدا خستمانەڕو لەبارەی پەیوەندی سروشتی، بەڵام ئەفلاتون پێی وایە، کە هەمو ناوەکان بەتەواوەتی شتەکان نیین، هەوڵی سەرەکی ئەفلاتون ئەوەبووە، کە لە ڕێگەی ڕاستیی ناوەکانەوە بگاتە ڕاستیی و دروستیی شتەکان، هەروەها ئەفلاتون دان بەوەدا دەنێت، کە لە ڕێگەی ناوەکانەوە ناتوانیین بگەینە ڕاستیی شتەکان، پوختەی بۆچونی ئەفلاتون لەم بارەیەوە دەتوانیین لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە و بیخەینەڕو: ((

1- ناو کاتێک لەباری باڵادایە، بەتەواوەتی جۆرێکە لە وێنەی ناولێنراو.
2- ناو جیایە لەشت وناولێنراو،(واتە خودی شتەکە نییە.)
3- مەعریفەی ئێمە لەسەرناوەکان نامانگەیەنێتە ڕاستیی ناولێنراو.
4- مەعریفەی ئێمە لەسەرناولێنراو نامانگەیەنێتە ڕاستیی ناوەکان(واتە پێچەوانەی خاڵی)) (ئەفلاتون،68) .

2-3ڕاستیی و ناڕاستیی لە زماندا:

ئەم بابەتە لەکۆن و نوێدا جێی مشتومڕی فەیلەسوفەکانی بواری زمان بووە، تەنانەت هەوڵی هێنانەدی زمانێکی لۆژیکیی لەسەدەی بیستەمدا هەر لەم چوارچێوەیەدا بووە، بەو پێیەی زمانێک بهێنرێتە ئاراوە بەتەواوەتی وێنەی بون بێت و لەگەڵ لۆژیکدا بگونجێت.

سۆفستاییەکان پێیان وابو هەرچی لەبوندا هەیە قسەکردن لە بارەیانەوە ڕاستە، بەڵام هەرشتێک بونی نەبێت ئەگەر قسەشیان لەبارەوە بکەین ناڕاست دەبێت، بەم پێیە بێت زمان دەچێتە چوارچێوەی بونەوە، واتە هەر شتێک نەبێت نابێت قسەی لەسەر بکەین. ئەفلاتون لەم بارەیەوە بۆچونی بەتەواوەتی جیاوازە لە سۆفستاییەکان، ئەم پێی وایە مەسەلەی (ڕاستیی و ناڕاستیی) لە زماندا بەم شێوەیە نییەو پێی وایە:(( ئەو وشانەی مانادارن، دەشێت ڕاست، یان ناڕاست بن. بۆیە ناکرێت وشە واتادارەکان بە پێوانەی ڕاستیی و ناڕاستیی بپێوین.)) (ئەفلاتون،72)، بەکورتیی ئەفلاتون پێی وایە دەکرێت وشەی ڕاست بە شێوەی هەڵە بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە ئەگەر بە مرۆڤێک بوترێت (ئەسپ)، ئەوا خۆی لەخۆیدا هەردو وشەکە ڕاستن، بەڵام ناڕاستیی ئەم دەربڕینە لەوەدایە، کە ئێمە وشەیەکمان بۆگوزارشت لە شتێک بەکارهێناوە، کە ناتوانێت شتەکە بنوێنێت.

2-4ئەرستۆ وزمان:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا، مەبەستی سەرەکی فەیلەسوفەکان خودی شیکاریی و لێکدانەوەی زمان نەبووە، واتە زمان کەرەستەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی ئەوان نەبووە، بەڵکو ئەوان ویستویانە لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زمانەوە لە ڕاستیی و دروستی بون و دیاریدە و شتەکان بگەن. زمان لە چوارچێوەی فەلسەفە و گفتوگۆ فەلسەفییەکاندا بووە، ئەوان پێیان وابووە، کە تێگەیشتن لە بوون ئیشی لەپێشینەیی فەلسەفەیە، لەو چوارچێوەیەشدا پێیان وا بووە زمان بەشێکە لە بون.

گرنگترین بۆچونەکانی ئەرستۆ لەبارەی زمانەوە لەم تەوەرانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1- پەیوەندیی نێوان زمان و بون- شت-.

2- ڕاستیی و ناڕاستیی لە زماندا.

3- زمانی مرۆڤ وزمانی ئاژەڵ.

2-5زمان و بون:

ئەرستۆ لەبارەی پەیوەندیی زمان و بون، یان وردتر بڵێین وشە و شت، پێی وایە پەیوەندییەکی ڕێککەوتییە، واتە پەیوەندییەکی لۆژیکیی لە نێوان وشە و شتەکاندا نییە، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر، ئەرستۆ پێی وایە زمان تەنها ئامرازیی دەربڕین و گوزارشتکردنە لە بون، هەر کۆمەڵێک ڕێک دەکەون لەسەر دانانی هێمایەک بەرانبەر بە شتێک. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی ئەزەلیی، یان سروشتیی نییە، لێرەدا هەندێک وتەی ئەرستۆ لەبارەی زمانەوە دەخەین ڕو، کە گوزارشت لە بۆچونی ناوبراو دەکەن لەبارەی زمانەوە، ئەرستۆ دەڵێت :(( واتاکان، کە لە دەرونی مرۆڤدان، لە هەمو زمانەکاندا یەکن، هەر وەکو چۆن لەهەمو شوێنێکدا یەکە.)) ( زواوی بغورە،20)، لێرەدا ئەرستۆ بە ناڕاستەوخۆیی ئاماژەی بە بیرۆکەی -توانست- ی چۆمسکی ،یان –لانگیو- ی سوسێر داوە، بەڵام وەکو دەزانیین، ئەم بۆچونە تیوریزە نەکراوە، ئەرستۆ پێی وایە واتای شتەکان، یان چەمکەکان، یان وێنەی هۆشەکیی شتەکان لە دەرونی مرۆڤەکاندا وەکویەک وان، لێرەدا وشەی دەرون بە واتای (بیر، هۆش) دێت، چونکە زۆر جار لە فەلسەفەی کۆندا هەر یەک لە چەمکەکانی وەک (ڕۆح،هۆش،بیر،دەرون) بە یەک واتا بەکارهاتوون.

لە شوێنێکی تردا ئەرستۆ دەڵێت: ((دەنگەکان لە دەم دێنە دەرەوە، هێمان بۆ شتەکانی بیر، ئەوان پاشماوەی دەرونن، بۆیە وەکو یەکن لە زمانەکاندا، ئەوانەشی لە دەروندان بەرانبەر بە شتەکان، واتاکانن. دیسانەوە ئەمانیش لە هەمو زمانەکاندا وەکو یەکن.)) (زواوی بغورە،20)، لەم بۆچەندا ئەوەمان بۆڕون دەبێتەوە، کە ئەرستۆ لە زماندا جیاوازیی لە نێوان دو ئاستدا دەکات:

1- بیر، واتا ، وێنەی شتەکان لە دەروندا.

2- وشەکان /هێماکان.

ئاستی یەکەم بەلای ئەرستۆوە، لە هەمو زمانەکاندا وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوانیاندا. واتە شتەکان لە (بیر) ی ئێمەدان، چونکە وشەی دەرون هەر بەمانای بیر هاتووە، بیری هەمو مرۆڤەکانیش وەکو یەکن و لەهەمان ئاستدان، لە بەرانبەردا ئەو ئاستەی وادەکات زمان لە دەرونی ئێمەدا وەکو یەک بن، ئەوەیە، کە بون لە هەمو شوێنێکدا وەکو یەکە. ئاستی دووەم، کە بریتییە لە ئاستی هێما و وشە و زاراوەکان، بریتییە لە پرۆسەی هێمادانان بەرانبەر بە شتەکان، هەر زمانەو چەند پیتێک دادەنێت بەرانبەر بە شتێک، بۆیە زمانەکان لەیەکتر جیاوازن، ئەرستۆ پێی وایە، کە دەنگەکان تەنها هێمان بۆ شتەکان، هەر بۆیە ناتوانیین بڵێین دەنگەکان خودی شتەکانن.

2-6ڕاستیی و ناڕاستیی لە زماندا:

هەڵوێستێکی ئەرستۆ لەبارەی زمانەوە بریتییە لە بۆچونی ناوبراو لەبارەی ئەوەی، کە ئایا چی لە زماندا ڕاستە و چی ناڕاستە؟ ئەرستۆ پێی وایە، کە لە زماندا ڕاستیی و ناڕاستیی هەیە، بەڵام بۆچونی ئەرستۆ لەوەدا جیا دەبێتەوە لە ئەفلاتون و ئەوانەی پێش خۆی، ئەوەیە کە ئەرستۆ پێی وایە هەمو شتە سادەکان ڕاستن، بەڵام مەرج نییە هەمو دروستەیەکی لێکدراو ڕاست بێت، ئەگەر بمانەوێت نمونە بۆ بۆچونەکەی ئەرستۆ بهێنینەوە ، ئەوا دەتوانیین هەر یەک لە وشە سادەکانی وەک : (( شاخ،مرۆڤ، سەوز،...تاد) بە وشەی ڕاست و لۆژیکیی بزانین، بۆیە ناتوانیین هیچ بڕیارێکیان لەبارەوە بدەین ،چونکە بابەتێکی سادەن و ڕاستیی و ناڕاستیی هەڵناگرن.

بەڵام ئەگەر نمونەی ڕستەیەک بهێنینەوە، لانی کەم لە دو وشە پێکبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕاستیی و ناڕاستیی هەڵدەگرن بۆ نمونە لە ڕستەی :- کوڕەکە هێلکەیە.

دەتوانیین بڵێین ئەم ڕستەیە لێکدراوێکی ناڕاستە.

2-7زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ:

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و ئەرستۆ هەڵوێستەی لەسەری کردووە، بریتییە لە پەیوەندی و جیاوازی جۆری زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵەکانی تر، لەم بارەیەوە ئەرستۆ پێی وایە ئاژەڵەکان بەهەمان شێوەی مرۆڤ دەنگ دەردەبڕن،

بەڵام هەمو ئاژەڵەکان یەک جۆر کاردانەوەیان هەیە و کاردانەوەکانیش کاتیین بەرانبەر بە شتێک، واتە چەند دەنگێک لەچەند هەڵوێستێکی دیاریکراو بەرانبەر بە چەند شتێکی دیاریکراو، کە بۆ ماوەیین و دوبارەدەبنەوە، بەڵام مرۆڤ لە کاتێکدا، کە جێگیرە دەتوانێت قسەبکات و لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی دەنگەکانی مرۆڤ زیاترە لە ژمارەی دەنگەکانی ئاژەڵ، هەروەها مرۆڤ تایبەتییەکی تری هەیە، کە ئەویش برتییە لە قسەکردن لەبارەی هەستە جیاوازەکان، کە لە ئاژەڵەکاندا نییە. ئەرستۆ دەڵێت : (( دەنگەکان هێمای ناخۆشی و نەخۆشیین، وەک لای ئاژەڵەکان دەبینرێت، ئەم دەنگانە دەیانبەستێتەوە بە سروشت و لەو کاتانەدا دەنگەکان دەردەبڕن بەرانبەریان. ئەوەی لەم ڕووەوە مرۆڤ تایبەتمەند دەکات ئەوەیە، مرۆڤ درک بە خێر و شەڕ و دادپەروەریی و ستەم و ئەو چەمکانەی لەو شێوەیەن دەکات، بەڵام ئاژەڵەکان هەست بەم چەمکانە ناکەن.)) (الزواوی بغوره،29) لەم هەڵوێستەیەدا ئەرستۆ جەخت لەسەر درککردن دەکاتەوە وەک سنوری جیاکەرەوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، واتە هەرچەندە مرۆڤ و ئاژەڵ هەردوکیان دەنگ دەردەبڕن، بەڵام مرۆڤ درک بە کۆمەڵێک چەمک دەکات ئاژەڵ درکی پێ ناکات. ئەرستۆ لەبارەی زمانی مرۆڤ و زمانی بونەوەرەکانی تر، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە تا ئێستاش ئەم وتەیە دەوترێتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ بۆچونی ناوبراو لەبارەی زمانەوە، کە دەڵێت:((مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە.)) یان لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (( مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە، کە خاوەن لۆژیکە.)) لەم دو وتەیەی ئەرستۆ ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە ئەرستۆ زمان بەخاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ دادەنێت، هەروەها لۆژیک بەو مانایەی، کە مرۆڤ خاوەنییەتی و وەک پێوەرێک لە ژیانیدا بەکاری دەهێنێت دیسانەوە خاڵی جەوهەری جیاکاریی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی ترە.

**1-2کارناب :**

ئەم فەیلەسوفە زیاتر جەختی لەسەر جۆرەکانی زمان دەکاتەوە بەتایبەتی زمانی باڵا و زمانی ڕەمەکی، یان بە واتایەکی تر زمانی نوسینە فەلسەفییەکان و زمانی ڕۆژانە، کارناب پێی وایە زمانی ڕۆژانە زمانێکی نالۆژیکییە و ناعەقڵانییە، لەبەر ئەوەی زمان کەرەستەی سەرەکی کاری فەلسەفییە، بەڵام کارناب دەپرسێت کام زمان دەتوانێت فەلسەفە دەربڕێت؟ کارناب پێی وایە زمانێک دەتوانێت فەلسەفە دەربڕێت زمانێکی ڕێکخراو بێت، واتە ئەو زمانە دەبێت دروستکراو بێت لە کۆمەڵێک ئاماژە و زاراوەی تایبەت بۆ ئەوەی لە توانایدا بێت ببێتە کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی بابەتە فەلسەفییەکان. بابەتێکی تر کە بەلای کارنابەوە جێی بایەخ بووە بریتیبووە لە (زمان و میتازمان) کارنابە پێی وابوو (زمان / زمانی بابەتی) ئەو زمانەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانەی ڕۆژانە دەمانەوێت قسەیان لەسەر بکەین، بەڵام (میتازمان) ئەو زمانەیە، کە شیکردنەوەی بۆ دیاردەکان پێدەکەین، پەسنی شتەکانی پێدەکەین، ئەنجامی توێژینەوەکانی پێ دەخەینەڕو، بۆئەم مەبەستە کارناب، ئەم نمونەیە دەهێنێتەوە:

ئەگەر (ڕ.1 = زمان Language object-)

(ڕ.2=میتا زمان Meta Language-) ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

ڕ.1 نم// کتێبەکە بەسودە.

ڕ.2نم// کتێبی بەسود بابەتێکە کە پێکدێت لە (نهاد و گوزارە).(وجدان کاظم،2015،11)

کارناب پێی وایە دو چوارچێوە بۆ شتەکان هەیە کە ئەوانیش:

1- چوارچێوەی وێنەیی

2- چوارچێوەی مادیی.

ئەم دوانەشی لەو ڕووەوە جیاکردووەتەوە، کە چۆن بتوانین زمانێکی وێنەیی دا بهێنین کە شتەکان چۆنن بەو شێوەیە بیانوێنین، هەرچەندە خۆیشی لە کتێبی (ڕێزمانی لۆجیکی بۆزمان- النحو المنطقی للغه) دان بەوەدا دەنێت زۆر ئەستەمە زمانی وێنەیی لەلایەن خەڵکەوە بەکاربهێنرێت، بەڵام بە گرنگی زانیووە زمانێکی وێنەیی ڕێکخراوی لۆجیکیمان هەبێت، ئەم بابەتە لای کارناب بە (سیستەمی لۆجیکی زمان- الفهم المنطقی للغه) ناودەبرێت بۆ ئەم مەبەستە ئەم نمونانە دەهێنێتەوە:

| چوارچێوەی مادیی | چوارچێوەی وێنەیی |
|---|---|
| ئەستێرەی بەیانیان، ئەستێرەی شەوان. | ئەودوو جۆرە ئەستێرەیە لە ڕوی لۆجیکی |
| دوو واتای جیاوازیان هەیە، بەڵام لە سروشتدا | زمانەوە هاوواتاین، بەڵام لە ڕوی ئەزمونگەرییەوە |
| دەگەڕێنەوە بۆیەک شت. | یەک واتایان هەیە. |

(پێنج) شت نییە، بەڵام ژمارەیە! پێنج وشەیەکە ناگەڕێتەوە بۆ شتێک، بەڵکو تەنها واتای ژماردن دەدات.(عزمی اسلام،159،1980)

**(کارناب) لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە زمانێک بهێنێتە کایەوە هەم زمانێکی فەلسەفی بێت هەم زمانێکی زانستیش بێت، بۆ ئەم مەبەستە کارناب پێی وابوو پێویستە ئەوزمانە دو تایبەتمەندیی تێدا بێت:**

**1 - زمانێک بێت بۆ ڕایکردنی کاروباری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت.**

**2 -زمانێکی جیهانیی/ گەردونی بێت -Universal، بتوانێت گوزارشت لە هەر شتێک کە ئەمانەوێت بیکات.(رودولف کارناب،13)**

**لەم ڕووەوە کارناب پێی وابوو بۆ ئەم مەبەستە زمانی فیزیا گونجاوترین زمانە، چونکە تاڕادەیەکی زۆر ئەو دو مەرجەی تێدایە، بەڵام وەکو دەزانین زمانی فیزیا لە ڕوی فەرهەنگەوە زمانێکی سنوردارە، واتە لە ڕوی چەندێتییەوە زمانێکە کورت دەهێنێت، هەروەها زمانێکی پەتیی و ڕوتی زانستییە، بۆ ئەم مەبەستە کارناب لە هەوڵی ئەوەدا بوو زمانی فیزیا لەم خەوشانە پاک بکاتەوە و بیکاتە زمانێک بتوانێت هەم زمانێکی زانستیی و فەلسەفیی بێت، هەم بۆ ژیانی ڕۆژانەش شیاو بێت. کارناب دژی هەموو جۆرە دەربڕاوێکی میتافیزیکی بوو، چونکە پێی وابوو وشە میتافیزیکییەکان ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە مەدلول (شتەکان) دا هەبن بۆئەوەی (ناو-دال) ێکیان هەبێت نییانە، لەم ڕووەوە کارناب ئەم نمونەیە ئەهێنێتەوە: وشەی (بەرد) دەگەڕێتەوە بۆ شتێک و لە هەمانکاتیشدا توانای هەیە وەڵامی پرسیاری لۆجیکی بداتەوە:**

**1 -بەرد ڕقە**

**2-ئەڵماس ڕەقە. دەتوانین ئەڵماس لە بری بەرد دابنێین، چونکە جۆرێکە لەبەرد، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەتوانین بڵێین، ئەگەر 1- ڕاست بێت، ئەوا 2- ڕاستە، بە پێچەوانەشەوە، چونکە 2- بەشێکە لە 1.، بەڵام وشەکانی وەکو (خواستوویست،حەز،ئارەزوو..تاد)ئەم دو مەرجەیان تێدا نییە. بڕوانە: ( بوزیان ێلیحە،145) بەشێوەیەکی گشتی کارناب فەیلەسوفێکی پۆزەتیڤیستییە و دامەزرێنەرانی بازنەی (ڤییەنا)یە کۆی کارەکانی لەوە کورت دەکرێتەوە، کە میتافیزیک لە زمان دوربخاتەوە و ڕەخنەگرێکی فەلسەفەی میتافیزیکی پێش خۆی بووە، بە پێی کۆرنۆلۆجیا کارناب بەم جۆرە گرنگی بە زمان داوە:**

**1- شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ بونیادی زمان،2-بنەمای شیاویی بۆ زمان،3-دورخستنەوەی میتافیزیک،4-واتاسازیی.(بڕوانە سەرچاوەی پێشوو،147)**

**1-3ئەرنست کاسیرر : زمان لای ئەم فەیلەسوفە لە چەند ئاستێکدا جێی بایەخ بووە، بە پێی ئارستەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی چەند دیدێکی هەیە بۆ زمان، لە کتێبی (زمان و ئەفسانە) دا کاسیرر، بۆچونەکانی لە بارەی زمانەوە دەخاتەڕوو، لەم کتێبەدا کاسیرر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە زمان سەرچاوەی دروستکردنی ئەفسانە بووە لە کۆندا، زمان سەرچاوەی دروستکردنی بیروباوەڕی ئاینیی و خەیاڵیی شیعریی و ئەفسانەییە، لە کاتێکدا ئەم پرۆسانە پێچەوانەی عەقڵانیەتن، هەروەها پێچەوانەی ئەو بۆچونەیە، کە ئەڵێت زمان ئامرازی گوزارشتە لە عەقڵ، بەڵکو دەتوانین بڵێین زمان ئامرازی بەڕمزکردنی عەقڵە-ترمیز-.(ارنست کاسیرر،14). کاسیرر پێی وابوو بەڕەمزکردن و وێناکردن دو پرۆسەی هەرە گرنگی زمانن، کە جێی بایەخن، لەم ڕووەوە پێی وابوو زیرەکی مرۆڤ بەبێ زمان بونی نییە، کاسیرر پێی وایە (وێناکردن) کە لە مێشکی مرۆڤدا ئەنجام دەدرێت، بە لوتکەی بەڕەمزکردن دادەنرێت، بۆیە وێناکردن نایەتە بوون تا لە ڕەمزێکدا بەرجەستە نەبێت، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لە ڕەمزەکان لێکۆڵینەوەی (وێنای مرۆڤایەتییمان) بۆ دەباتە پێشەوە، لەو ڕووەوەی کاتێک لە ڕەمزەکان تێگەیشتین لە تێگەیشتنی وێنای مرۆڤیش نزیک دەبینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە گرنگی بدرێت بە ڕمزە زمانییە جۆراوجۆرەکانی وەک (ڕەمزیی ئەفسانەیی،ئاینیی،هونەریی...تاد) (سەرچاوەی پێشوو،55). بۆچونەکانی کاسیرر لەبارەی زمانەوە لەوەوە سەرچاوەدەگرن کە بیرکرنەوە و خەیاڵکردنی مرۆڤ لە زماندا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤایەتیی پێویستە لە زمان بکۆڵینەوە، زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزیی وێناکردنە، ئەم وێناکرنانەش نایەنە بون تا لە ڕەمزێمدا بەرجەستە نەبن، بۆیە لێکوڵینەوە لە هێما و ڕەمزیی زمانیی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەی زمانن لای کاسیرر، بۆیە دەڵێت: ((تێگەیشتن لە دنیای مرۆڤ، بەندە بە ئامادەیی ڕەمزەکانییەوە، چونکە ڕەمز کلیلی ئەم دونیایەیە.))(بڕوانە سەرچاوەی پێشوو:10) ، کاسیرر پێی وایە، کە زمان تەنها ئامڕازی گوزارشتکردن نییە، بەڵکو زمان زۆر لەوە زیاترە، بۆیە کاتێک مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت زمانێکی گۆکراویی خاوەن دەنگ دەردەبڕێت، بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانەوە، کە تەنها کۆمەڵە هێمایەکی دیاریکراون و دوبارە دەکرێنەوە، لە کاتی دوبارەکردنەوەکەشدا بە هەمان واتا بەکاردەهێنرێن واتە هەر هێمایەک تەنها یەک واتای هەیە، واتە(کۆمەڵە دەنگێک یان کۆمەڵە جوڵەیەک) بەکاردەهێنن، لەهەر ژینگەیەکیشدا دوبارەبکرێننەوە هەر هەمان واتا بەدەستەوە دەدەن. زمانی مرۆڤ بەم شێوەیە نییە، چونکە زمانی مرۆڤ بۆ چەمکاندن-مفهمە-Conceptualization- بەکاردەهێنرێت، بەڕای کاسیرر هەمو چەمکێک لە مێشکدا بە زمان دەردەبڕدرێت، لە ڕێگەی ڕەمزە زمانییەکانەوە، ئەم ڕەمز بەکارهێنانەی مرۆڤ وای کردووە، کە زمانەکەی زۆر جیاواز بێت لە هەمو بونەوەرەکانی تر. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە کاسیرر دەگاتە ئەو بڕوایەی بڵێت: (( مرۆڤ ئاژەڵێکی زمانییە.)یان دەڵێت: (مرۆڤ، ئاژەڵێکی هێماییە/ ڕەمزییە.) (ابراهیم**

احمد،35) هەرچەندە ئەم بۆچونە بەچەندین شێوە جیاواز لە کۆندا وتراوە. جگە لەوەش مرۆڤ توانایی شیکارکردنی چەمکەکانی هەیە، هەروەها مرۆڤ بونەوەرێکی رۆشنبیرە، لەهەر کایەیەکی رۆشنبیریشدا خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی ئەگەر بروانییەنە کایە جیاوازە رۆشنبیرییەکانی وەک: (( ئاین، مێژو،زانست،ئەفسانە، هونەر...تاد) ئەوا مرۆڤ زمانی تایبەت بەو بوارانە بەکاردەهێنێت، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ زیاد لەجۆرێک رۆشنبیریی زمانییدا دەژیت.

1-4پۆل ریکۆر: ئەم فەیەلسوفە یەکێکە لەو کەسانەی، کە بە دامەزرێنەری رێزمانی پاش رستە دادەنرێت، واتە ئەو زمانەوانانەی، کە پێیان وایە رستە توانای دەربڕینی زمانی نییە، بەڵکو واتا و چەمکەکان لە دەقدا بەرجەستە دەبن. ریکۆر پێی وایە زمان تاکە سەرچاوەی دەربڕینی فەلسەفەیە، لەم روەشەوە سێ ئاستی گرنگ لە زماندا دیاری دەکات، کە ئەوانیش برتیین لە:

1- وشە
2- رستە
3- دەق

وشە بەلای ریکۆرەوە هیچ نییە جگە لە بەشێک لە فەرهەنگی زمان، چونکە بەلای ریکۆرەوە وشە بەتەنها هیچ واتایەکی نییە، بۆیە پێویستمان بە ئاستێک هەیە کە لەوشە گەورەتربێت، کە ئەو ئاستەش بریتییە لە ئاستی (رستە) بۆیە رستە یەکەی دووەمە و بەلای ریکۆرەوە بچوکترین ئاستی واتاداری زمانە، کە واتایەکی تەواوی هەیە.

بەڵام ئاستێکی گەورەتر لە رستە هەیە، پێی دەوترێت دەق-النص-Text- بەلای ریکۆرەوە دەق ئەو ئاستەی زمانە، کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت، چونکە گوتار لە دەقدا بەرجەستە دەبێت،هەرچەند هەندێک پێیان وایە دەق ل گوتاردا بەرجەستەدەبێت، هەروەها پێویستە گرنگی بە هەمەجۆری گوتار بدرێت، ئیتر ئەو گوتارە ( زانستیی،هونەری،شعریی...تاد) بێت، هەروەها لەم ئاستەدا پێویستمان بەئاستێکی بەرز هەیە لە شیکردنەوە،کە ئەویش بریتییە لە لێکدانەوە-التاویل- کە ریکۆر بە -Hermentique- ناوی دەبات.( بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بروانە: ابراهیم احمد،35)

1-5فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم، فەلسەفەی لۆجیکیی شیکاریی (فریگە، راسڵ، ڤدگنشتاین...تاد):

لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە، جیاواز لەسەردەمەکانی تر کۆمەڵێک فەیلەسوف پەیدابون، کە بە فیلەسوفەکانی بواری زمان دەناسران-Philosophy of Language- ، چونکە ئەم فەیلەسوفانە دەیانویست لە رێگەی شیکاریی زمانەوە بگەنە راستی بون و دیاریدەکان و شیکارییە فەلسەفییەکانیان لە زمانەوە دەستی پێ دەکرد. لەو سەردەمەدا هەوڵدرا تێزێکی فەلسەفی لەسەر زمان تاقیبکرێتەوە، کە ئەویش بە (تیوری گەردیلەیی لۆژیکیی-The Atomic Logical Theory-) ناودەبرا، کورتەی بۆچونی ئەم تیورە ئەوە بو، کە شتەکان پێویستە شیبکرێنەوە بۆ بچوکترین دانە تارادەیەک، کە ئیتر توانای بچوککردنەوەی نەمێنێت، چونکە هیچ شتێک بە لێکدراوی مانای نییە، بەڵکو پێویستە هەمو دیاریدەکان و چەمکەکان بچوک بکرێنەوە بۆ ئەوەی بگەینە سادەترین نمونە، کە ئیتر واتای راستی و دروستی شتەکان لەخۆ بگرێت، ئەم بۆچونە بەهەمان شێوە، گوێزرایەوە بۆ نێو زمان بەو پێیەی کەرەستە زمانییەکانی وەک (وشەی لێکدراو،دارێژراو، رستە...تاد) پێویستە بچوک بکرێنەوە بۆ سادەترین شێوە، بۆ ئەوەی بگەینە راستی و دروستی واتاکانیان، ئەم واتا سادەیە واتایەکی لۆژیکییە و واقعییە، لەم روەوە (راسڵ) دەڵێت: (( زۆربەی بابەتە زمانییەکان، بابەتی لێکدراون-Compound Proposition- بۆیە پێویستە شیبان بکەینەوە تا دەگەینە پێکهاتەیەکی گەردیلەیی، کە ئیتر هیچ لێڵییەکی واتایی نەمێنێت، یان هیچ کەموکورتییەکی نەمێنێت، چونکە بابەتەزمانییە لێکدراوەکان لە بەرانبەریاندا هیچ واقعێکی لێکدراو بونیان نییە.))( Russell، 184) .

رەخنەی زۆر لە تیوریی گەردیلەیی گیرا، بەڵام رەخنەی سەرەکی ئەوە بو، کە ئەم تیورە تەنها بەسەر ناوە تایبەتییەکاندا جێبەجێ دەبێت. جگە لە ناوە تایبەتییەکان هیچ وشەیەکی تر نادۆزینەوە توانای سادەکردنەوەی نەبێت، زمان دیاریدەیەکی تێکچرژاوە و بەدەر لەوەی خۆی لە ژمارەیەکی بێ کۆتا (وشە،فرێز،رستە...تاد) پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژیی و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر و ...تاد رۆڵ دەبینین لە رونبونەوەی واتای زماندا.

ژانرەئەدەبییەکانی وەک (شیعر،چیرۆک،رۆمان..تاد) هەریەکەیان جۆرێک-نۆرم- ی زمانیی بەکاردەهێنن و هەریەکەیان دیاردەیەکی رۆشنبیریی مرۆیین، کە جیاوازە لە زمانی ئاسایی و زمانی رۆژانە، یان دەتوانیین بڵێین ئەو وشە و زاراوانەی لەو ژانرانەدا بەکاردەهێنرێن جیاوازن لەو واتایانەی لە ئاخاوتنی رۆژانەدا هەڵگریانن.هەوڵی ئەم فەیلەسوفانە ئەوە بو زمانێکی فەلسەفی لۆژیکیی بهێننە کایەوە، کە لێڵ نەبێت و گونجاو بێت بۆ دەربڕینی فەلسەفە، بەڵکو خودی ئەو زمانە زمانێکی فەلسەفی بێت. لە راستیدا ئەم فەیلەسوفانە کۆمەڵێک

بابەتی فەلسەفەی زمانیان وروژاندووە، کە لەدوای سوسێرەوە وەکو بوارێکی زانستی تایبەت یەکلاکراونەتەوە، بەڵام بنەڕەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان.

هەندێک پرسیار هەبو لەم سەردەمەدا لەسەرزمان وەک:

ئایا چی جیاوازییەک لە نێوانیان زمانی ئاسایی و زمانی باڵادا هەیە؟

ئایا زمان توانای دەربڕینی هەموبیرۆکەیەکی هەیە، کە لە مێشکماندایە ؟

ئایا زمانی لۆژیکی چییە؟

واتا چییە؟ واتای بنەڕەتی و واتای بارکراو چیین؟

ناوی ناسراو چییە، جیاوازی چییە لەنێوان ناوی تایبەتی وشەکانی تر ؟

لەم ڕووەوە (فریگە) لەبارەی جیاوازی نێوان ناوی فەرهەنگی واتە ئەو ناوانەی واتایەکی بنەڕتیی و فەرهەنگییان هەیە، لەگەڵ ئەو وشانەی واتایەکی بارکراویان هەیە و پەیوەندی دەردەبڕن دەڵێت: ((ئەرکی سەرەکی ناوی تایبەتیی ئاماژەکردنە بۆ شتێکی دیاریکراو لە کاتێکدا ئەرکی سەرەکی وشە واتا بارکراوەکان بریتییە لە ئاماژەدان بۆ وێنایەک، چەمکێک Concept- واتە تەسەورێکی زهنیین، چەمکیش واتایەکی گشتییە نەک تایبەتی، کە لەژێر ئەو چەمکە گشتییەدا کۆمەڵێک شتی بەشەکی –جزئی- کۆ دەبێتەوە، جیاوازییەکی تریان، بریتییە لەوەی ناوی تایبەتیی واتایەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام وشە واتابارکراوەکان پێویستیان بە ناوێکی تایبەتیی هەیە بۆ ئەوەی واتایان هەبێت. وەک چۆن ناوی تایبەتی ناتوانێت واتایەکی گشتیی و بارکراوی هەبێت، بەهەمانشێوەش ناوی گشتی ناتوانێت واتایەکی دیاریکراوی هەبێت. خاڵێکی تری جیاوازی نێوان ناوی تایبەتیی و وشەکانی تر ئەوەیە، کە ئەگەر ئەو وشانەی بڕ(ڕادە) دەگەیەنن لەگەڵ ناوی تایبەتییدا بەکاربهێنیین، هیچ واتایەک بەدەستەوە نادەن، بەڵام لەگەڵ وشەکانی تردا واتایان هەیە بۆ نمونە:

*هیچ ئازاد، *زۆر سیروان...تاد

هیچ فێرنەبووە، زۆر زیرەکە...تاد (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:محمود فهمی،14)

لەم ڕووەوە (ڕاسڵ) جیاوازییەکی تر زیاد دەکات و دەڵێت:

(( جیاوازی نێوان ناوی تایبەتیی و وشەی گشتیی، جیاوازیی نێوان دو کردەی عەقڵییە، کە یەکەمیان بریتییە لە کردەی ناونان، دووەمیان بریتییە لە کردەی زانیاریدان.)) (محمود فهمی،13-14).

(فریگە) وەکو زۆربەی فەیلەسوفەکانی تری بازنەی ڤیینا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤیستیانە لە زمانی ڕوانیووە، ئەم فەیلەسوفە لە ساڵی (1892) توێژینەوەیەک دەنوسێت بەناوی(دەربارەی واتا و ئاماژە On sense and reference ) بە کورتی فریگە ئەوەی خستووەتەڕو، کە هەندێک دەربڕینی زمانیی خاوەن واتان، بەڵام خاوەن ئاماژە نین، هەر بۆیە هەر شتێک ئاماژەی نەبێت لۆژیکیش نییە، چونکە ڕاستیی و ناڕاستیی هەڵناگرن، هەر بۆیە فریگە پێی وایە هەر شتێک بۆ ئەوەی خاوەن ئاماژەیەک بێت پێویستە لە دنیای دەرەوەدا بونێکی فیزیکی هەبێت.(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:دیارعەلی،53-54)

دەوترێت ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانییە یەکەم کەس بووە ئاماژەی بە هەندێک بابەت پراگماتیکی داوە وەکو (پێشگریمانە) فریگە باس لەوە دەکات، کە لە پێشگریمانەدا مەرجی ڕاستیی نابێتە مەرج، واتە دەکرێت ڕستەیەک ناڕاست بێت و پێشگریمانەشی بۆ بکرێت، پاشان فریگە باس لەوە دەکات، کە ئەگەر وتنی ناڕاست پێشگریمانەشی بۆ بکرێت هیچ سودێکی نابێت بۆ توێژینەوە و شیکاریی لۆژیکییانە، چونکە وتنەکان ناڕاست بن هیچ سودێکیان نابێت و پێشگریمانەکانیشیان وەکو خۆیان ناڕاست دەبن.( بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە:دارا حەمید،104)

بابەتێکی تر، کە لەو سەردەمەدا جێی سەرنجی فەیلەسوفەکان بو، برتیبوو، لە پەیوەندی نێوان زمان و واقع، بەو پێەی ئێمە لە ڕێگەی زمانەوە واقعی چواردەوری خۆمان دەردەبڕین، بەڵام ئایا زمان دەتوانێت ببێتە ئاوێنەی واقع و توانای دەربڕینی واقعی هەیە؟لەم ڕووەوە (ڤدگنشتاین) پێی وایە، کە زمان وێنەیەکی تەواوی واقعە، بەڵام ئەوەی باس دەکرێت ئەوەیە کە زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە دەڵێن (ڤدگنشتاین) هیچ نمونەیەکی بۆ تیورەکەی نەهێناوەتەوە، بەڵکو تیوریی وێنەی لۆژیکی بەبێ نمونە جێهێڵدراوە. (ڕاسڵ) لەم بارەیەوە پێی وایە ئەم بۆچونەی (ڤدگنشتاین) لە ڕاستییەوە نزیکە و پێویستە لانی کەمی بەرانبەریەکی لەنێوان زمان و واقعدا هەبێت و دەڵێت: (( لەم پەیوەندییەدا پێویستە هەر وێنەیەک پەیوەندییەکی هەبێت لەگەڵ هێمایەکی زمانیدا، (نەک زیاد لەپەیوەندییەک)، واتە پەیوەندییەک لەنێوان وێنە(شت) و ئەوەی، کە وێنای دەکەین لە مێشکماندا(واتە وشەکان لەمێشکدا) .))( محمد فهمی، 38). لەو سەردەمەدا پەیوەندی نێوان (وێنەی لۆژیکیی) و(وێنەی زمانیی) لە ڕستەدا گرنگیی پێدراوە، لەم ڕووشەوە جیاوازیی کراوە لەنێوان ئەو دو وێنەیە بەو پێەی دەشێت دو ڕستە لە ڕوی ڕێزمانەوە لەیەک بچن بەڵام لە ڕوی لۆژیکەوە جیاوازبن، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، بۆ نمونە :

- نازدار زیرەکە.

- تاوان بێزراوە.

ئەم دو ڕستەیە، لەدو بەش پێکهاتوون لە ڕوی ڕێزمانەوە، کە ئەوانیش (نهاد+گوزارە)، بەڵام ئەگەر بڵێین هەمو زیرەکێک جوانە، ئەوا ڕاستەوخۆ واتای (نازدار جوانە) ش دەگەیەنێت، چونکە نازدار زیرەکە، بەڵام ئەگەر لەبری ڕستەی دووەم بڵێین: (تاوانبار شایستەی سزایە.) ئەنجامەکە دەبێت بە ،(*تاوان شایستەی سزایە)، بەڵام ڕستەکەمان لەڕوی لۆژیکەوە هەڵەیە، چونکە تاوان ناوێکی تایبەتی نییە و نابێت لەو شوێنەدا بێت.

بەراوردکاری:

1-خاڵی هەرە جیاوازی فەلسەفی کۆن و نوێ لەبارەی تێڕوانینیان بۆ زمان ئەوەیە، لە کۆندا زمان بەشێک بووە لە بوون! بابەتێکی لاوەکی بووە، فەیلەسوفەکان بابەتی سەرەکییان زمان نەبووە، بەڵکو بۆ ڕونبونەوەی بیرە فەلسەفییەکانیان کێشەی ئاماژەیان بەزمان داوە، بەڵام فەلسەفەی نوێ بە (فەلسەفەی زمان) ناسراوە، ئەمان پێیان وابوو، کە تا زمانێکمان نەبێت زمانێکی باڵا بێت و توانای ئەوەی هەبێت گوزارشت لە بوون بکات، ناتوانین لە ڕاستیی هیچ شتێک بگەین.

2-فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم زۆربەیان پسپۆڕییان زانستە پەتییەکان بوو، وەکو (فیزیا، بیرکاریی، لۆژیک)، توانیان لە ڕوانگەی پسپۆڕیەتییەکەیانەوە لە زمان بڕوانن بە شێوەیەکی تیورزەکراو، بەڵام لە کۆندا فەیلەسوف کەسی هەمو شت زان بووە لە (بون، دیاردەکان، میتافیزیک) یان کۆڵیوەتەوە سەرەڕای زانستە جیاوازەکانی وەک ئەندازیاریی و بیرکاریی...تاد، بەڵام زمان تەنها بۆ مەبەستی جیا لە خودی زمان جێی بایەخی ئەم فەیلەسوفانە بووە.

3-لە فەلسەفەی کۆندا زمان لەچەند ڕویەکەوە جێی بایەخ بووە، گرنگترین ئەو پرسیارانەش، کە لەم قۆناغانەدا هەبوون، لەسەر زمان بریتی بوون لە : بنەڕەتی زمان، پەیوەندی زمان بە بیرەوە، پەیوەندی زمان بە واقعەوە، جیاوازیی و هاوبەشی نێوان زمانی مرۆڤ و ئاژەڵ، بەڵام گرنگترین ئەو پرسانەی لە فەلسەفەی نوێدا لە بارەی زمانەوە جێی بایەخ بوون بریتیبوون لەهەندێک پرسیار لەبارەی زمانەوە وەک : ئایا زمانی ئاسایی و زمانی باڵا چی جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەیە؟ ئایا زمان توانایی هەیە بۆ دەربڕینی هەمو بیرۆکەیەک، کە لەمێشکماندایە؟ ئایا زمانی لۆژیکی چییە؟ واتا چییە؟ واتای بنەڕەتی و واتای بارکراو چیین؟ ناوی ناسراو چییە، جیاوازی چییە لەنێوان ناوی تایبەتی وشەکانی تر ؟

4-بابەتێک کە لە فەلسەفەی کۆن و نوێدا جێی بایەخ بوون بریتی بووە لە پەیوەندی نێوان زمان و بوون، یان زمان و واقع، کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ڕونمانکردووەتەوە هەردو قۆناغی فەلسەفە لەم ڕووەوە بۆچونی جیایان هەیە و لای هەرفەیلەسوفێک ئەم بابەتە جیاوازە. لەبارەی ڕاستیی و ناڕاستیی لە زماندا لە کۆندا لای (ئەفلاتون و ئەرستۆ) بۆچونی جیا هەیە لەم بارەیەوە، بەڵام لە فەلسەفەی نوێدا هەوڵدراوە ئەم بابەتە بە شێوەی لۆژیکیی بسەلمێنرێت.

5-ئەگەر فەلسەفەی کۆن فەلسەفەیەکی میتافیزیکی بوبێت، بەتایبەت جیهانی نمونەیی لای ئەفلاتون، ئەوا فەلسەفەی نوێ کاری لە پێشینەی بریتییە لە دورخستنەوەی هەمو جۆرە دەربڕاوێکی میتافیزیکی لە زماندا، لەم بارەیەوە (ڤدگنشتاین ) دەڵێت: (( ئەوەی ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین، پێویستە لێی بێدەنگ بین.))(ئارام قادر،59).

6-فەلسەفەی زمان لە سەدەی بیستەمدا کە بە (فەلسەفەی شیکاریی لۆجیکیی) ناو دەبرا، لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی بونیادگەریی و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی/وەزعیی دا بوو، هەر لەو ڕِوانگەیەشەوە فەیلەسوفانی وەک ( ڕاسڵ، ڤدگنشتاین، فریگە، کارناب، کاسیرر...تاد) دەیانویست زمانێک بهێننە کایەوە، کە وێنەیەکی دروستی واقع بێت!دوربێت لە گوزارشتی میتافیزیکی و لە توانایدا هەبێت شتەکان وەک چۆن هەن بیانوێنێت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو لەو سەردەمەدا هەر شتێک نەچوبایەتە ژێر تیشکی تاقیگە و بنەما لۆژییە بیرکارییەکان و زانستە پەتییەکان دەکرایە دەرەوە و پشتی پێ نەدەبەسترا، بەڵام لە کۆندا زمان لای (ئەفلاتون و ئەرستۆ) لە چوارچێوەی بابەتە فەلسەفییەکانی وەک (بوونناسیی و سروشتی مرۆڤایەتیی و ئەخلاق، میتافیزیک،...تاد) قسەی لەبارەوە دەکرا.

7-فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم، هەریەکەیان تیورێکی دیاریکراویان پێشکەش کردووە لە بارەی زمانەوە بۆ نمونە (ڤدگنشتاین و راسل و فریگە و کارناب) بە فەیلەسوفانی بواری زمان ناسراون ،کە زیاتر بە دامەزرێنەرانی تیوری لۆجیکیی شیکاریی دادەنرێن، پۆل ریکۆر بە دامەزرێنەری ڕێزمانی پاش ڕستە و بیرۆکەی لێکدانەوە/هێرمۆنتیکا دادەنرێت، کاسیرر تیوری پەیوەندی زمان ئەفسانە و شیکردنەوەی ڕەمز...تاد. لە فەلسەفەی یۆناندا بۆچون هەیە لەبارەی زمانەوە نەک تیورێکی دیاریکراو، چونکە لە کۆندا فەیلەسوف کەسێک بووە لە زۆربەی بوارکان قسەی کردووە.

8-فەیلەسوفەکانی بواری زمان لە سەدەی بیستەمدا ئاماژەیان بە زۆربەی بابەتە پراگماتیکییەکان داوە، وەکو (گرتنەوە و پێشگریمانە..تاد) بۆ نمونە (فریگە) یەکەم کەس بووە ئاماژەی بە بابەتی (پێشگریمانە)داوە. بۆیە بەشێک لە بابەتە سیمنتیکی و پراگماتیکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان.

ئەنجام:

1- زمان پرسێکی هاوبەشی گرنگیپێدراوی هەر دو فەلسەفەی گریکی و لۆجیکییەکانە، یەکەمیان بۆ تێگەیشتن لە بون و گەشتن بە ڕاستیی شتەکان لە لە چوارچێوەی دیدگا فەلسەفییەکانییەوە لە زمانی کۆڵیوەتەوە ، دووەمیان بۆ بە دیهێنانی زمانێکی لۆژیکی، کە توانای دەربڕینی زانست وفەلسەفەی هەبێت.

2-لۆجیکییەکان زۆرینەیان زانای بیرکاری و فیزیک بوون، هەربۆیە لە ڕوانگەی زانستە پەتییەکانەوە لە زمانیان ڕوانیوە، هەربۆیە نکۆڵیان لەوە دەکرد کە فەیلەسوف بن، بەڵام لە کۆندا فەیلەسوف کەسی هەمو شت زان بووە وبۆچونی لەبارەی هەو شتێک هەبووە.

3- هەندێک بابەتی زمانەوانی وەکو پەیوندی نێوان (بون و زمان) یان وشە و شت ، یان ناو و ناولێنراو (دال و مەدلول)، لە کۆنەوە پرسێک بووە جێی سەرنجی فەیلەسوفەکان بووە، لە کۆندا دەوترا زمان وێنەی بونە، یان دەوترا پەیوەندییەکە ڕێکەوتە، بەڵام فەلسەفەی زمانی نوێ بەوەوە نەوەستا بەڵکوهەوڵی هێنانە دی زمانێکی دەدا، کە بەتەواوەتی وێنەی بون بێت وزمانێکی لۆجیکی بێت.

4- بۆچونی قوتابخانە فەلسەفییەکان بوون بە بنەما لە زانستی زماندا، بۆ نمونە بۆچۆنی ئەفلاتون لەبارەی بەشەکانی ئاخاتنەوە، کە تا ئێستاش لە زۆربەی زمانەکاندا پشتی پێدەبەسرێت، یان بابەتە پراگماتیکییەکانی وەکو (پێشگریمانەو و واگەیاندن...تاد) کە دەچنە چوارچێوەی شیکاریی لۆجیکییەوە بەرهەمی تیگەیشتنی لۆجیکییەکانە.

5- لۆجیکییەکان چەندین فەیلەسوفن و هەریەکەیان خاوەن ئاراستەیەک لە بیرکردنەوە، بەڵام ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە، کە هەمویان پۆزەتیڤیستن، واتە بڕوایان بە میتافیزیک نەبووە و لە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەی زانستی و بونیادگەریدابوون.

6-ئەفلاتون و ئەرستۆ بۆچونیان لەبارەی هەندێک بابەتی زمانیی جیاوازە وەک پەیەندی نێوان زمان و بوون، یان ڕاستیی و ناراستی ..تاد، بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوانیانە ئەو بابەتانەیە، کە بونەتە جێی سەرنجیان. وەکو (پەیوەندی ناو و ناولێنراو، گریمانەی پەیدابونی زمان، ڕاستیی و ناڕاستیی لە زماندا، گۆڕانی زمان، زمانی مرۆڤ وزمانی ئاژەڵ...تاد)

سەرچاوەکان:


1- ئارام قادر، 2010 ، شرۆڤەی لۆجیکی بۆزمان،هەولێر.

2- دیار عەلی کەمال، 2009، گوتاری کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە،(دکتۆرا) زانکۆی سەلاحەدین،،هەولێر.

3- داراحمید محمد، 2012، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە،(دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی

4- ..................2010، هەندێک لایەن لە سیماتیک وپراگماتیکی کوردی،سلێمانی .

5- ناهیدە ڕەحمان خەلیل ، 2013 ، زمان پژان ودیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، (ماستەر)، سلێمانی.

6-ابراهیم احمد،2008، انطولوجیا اللغه عند هایدجر، الجزائر.

7-ارنست کاسیریر،2009 ، اللغه والاسطوره، ت/سعید الغانمی، الامارات.

8-الزواوی بغوره، 2005، الفلسفه واللغه، بیروت.

9-افلاتون، 1995 ، محاوره کراتیلیوس، ت/عزمی طة سید احمد، الاردن.

10- بوزیان بلیحه، 2017 ،التحلیل المنطقی للغه فی فلسفه رودولف کارناب، المجله العلمیه افاق الفکریه ، العدد2.

11-خالد الزواوی ،2005 ،اکتساب وتنمیه اللغه، مصر.

12- سلیفان اورو و اخرون، 2013 ، فلسفه اللغه، بیروت.

13- سوسیر،1985 ، علم اللغه عام،ت/یوئیل یوسف عزیز، بغداد.

14- عزمی اسلام ، 1980، اتجاهات فی الفلسفه المعایرة، الکویت.

15- محمد محمد داود، 2001، العربیه وعلم اللغه الحدیث، القاهره.

16- محمود فهمی زیدان، 1985، فی الفلسفهاللغه، بیروت.

17- وجدان کاڤم، 2015، فلسفه اللغه من وجهه نظر رودلف کارناب ، الکویت.

18- Russell، 1958، The philosophy of logical atomism and knowledge، London.